نێچیرڤان بارزانی: دەبێت عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئاگری شەڕ دوور بخرێنەوە



سەرکی هەرێمی کوردستان و کۆنسوڵی تورکیا کۆبوونەوە و جەختیان کردەوە، کە نابێت هێگ بدرێت عێراق و هەرێمی کوردستان پێلکێشی نەو شەڕ و ئاڵنزییەکانی ناوچەکە بکرێن.

ئەواری ڕۆژی چوارشەمە، 18ـی ئازاری 2026، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ئێرمان تێپچو، کۆنسوڵی گشتیی تورکیا کرد. تەوەرە سەرەکییەکی کۆبوونەوەکە تاوتوێکردنی مەترسییەکانی شەڕ و لێکەوتەکانی لەسەر ناوچەکە بوو.

هەردوولا هاوڕا بوون کە پێویستە هەوڵە دیپلۆماسییەکان چڕ بکرێنەوە بۆ ئەوەی هێگری لە فراوانبوونی شەڕ بکرێت. جەختیان لەوەش کردەوە کە پاراستنی ئارامیی عێراق و هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا لە هەموو شتێک گرنگترە و نابێت وەاتەکە ببێتە بیانوو بۆ لێدانی ئاڵنزییانە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا، نێچیرڤان بارزانی سوپاسی حکومەتی تورکیای کرد بۆ ئەو ئاسانکارییە بەردەوامانەی لە دەروازە سنوورییەکان بۆ گەشتیارانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەیکەن، کە ئەمەش بووەتە هۆی گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، باس لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر داهاتووی ناوچەکە کرا، هەردوولا هیوایان خواست کە کێشەکان بە شێوەیەکی

ئاشتىيانە چارىسىر بكرىن.